# ناونیشانی توێژینەوە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی

# عنوان البحث باللغة الكردية والعربية والإنجليزية

# Title of the research in Kurdish, Arabic and English


ناوی سیانیی توێژەر[١]، ناوی سیانی توێژەر [٢]

١. بەش، کۆلێژ، زانکۆ، شار، هەرێم، وڵات ئیمەیل:

٢. بەش، کۆلێژ، زانکۆ، شار، هەرێم، وڵات ئیمەیل:

الاسم الباحث[١] ، الاسم للباحث[٢]

1 .القسم ، الكلية ، الجامعة ، المدينة ، البلد البريد الإلكتروني:

2. القسم ، الكلية ، الجامعة ، المدينة ، البلد البريد الإلكتروني:

Researcher full name [1], Researcher full Name [2]

1. Department, College, University, City, Country E-Mail:

2. Department, College, University, City, Country E-Mail:



## پوختە

پێویستە بەپوختی ناوەڕۆک و سنووری توێژینەوەکە باسبکرێت و ئامانج(ەکان)، ڕێبازی توێژینەوەی زانستی، گرنگی و پرسیاری توێژینەوە، گریمانە و تیۆری، ئەنجامەکان و کاریگەرییەکانی توێژینەوەکە دەستنیشانبکرێن. نابێت پوختە لە (٢٠٠) وشە زیاتر بێت.


وشەکلیلییەکان: وشەکلیل١؛ وشەکلیلی٢؛ وشەکلیلی٣؛ وشەکلیلی٤؛ وشەکلیلی٥.


## الملخص

يجب وصف محتوى البحث ونطاقه بإيجاز وتحديد الهدف (الأهداف) ومنهجية البحث العلمي والأهمية وأسئلة البحث والفرضيات والنظريات والنتائج والآثار المترتبة على البحث. يجب ألا تزيد الملخصات عن (200) كلمة.


الكلمات الرئيسية: الكلمات المفتاحية١؛ الكلمات المفتاحية٢.... .


## Abstract

The content and scope of the research should be briefly described and the objective(s), scientific research methodology, importance and research questions, hypotheses and theories, results and implications of the research should be identified. Abstracts should not exceed (200) words.


**Keywords**: Keyword1; Keyword2 Keyword3; Keyword4; Keyword5.

## ١. پێشەکی

دێڕی یەکەمی هەر پەرەگرافێک بە (1 سم) دەخرێتەناوەوە. ئامانجەکانی کارەکە بەڕوونی و پوختی دەخرێنەڕوو، زەمینەسازی و پاشخانی زانستیی گونجاو دەخرێتەڕوو. دوورکەوتنەوە لە خستنەڕووی وردەکاری و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. بەڕوونی ئاماژە بەو کەلێنە دەدەرێت، کە توێژینەوەکە چارەسەریدەکات.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە قەبارەی «14»، بە کیبۆردی «Unicode» و فـــۆنتی جۆری «Adobe Arabic» بۆ زمانی کوردیی، عەرەبی و فارسی، هەروەها بۆ ئینگلیزی، فەڕەنسی و تورکی «Times New Roman» قەبارەی «١٢» بەکاربهێنرێت.

پێویستە لە هەر لایەکی لاپەڕەکەوە «2.5» سم بەجێبهێڵرێت. توێژینەوە بە زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، فارسی، تورکی وەردەگیرێت.

٢. پێداچوونەوەی کارەکانی پێشتر

توێژەر هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی زانستییانە بۆ کارەکانی پێشتر دەکات، پاش خستنەڕووی هێڵە گشتییەکان و زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پاشان لەڕێی ئەو هەڵسەنگاندنەوە کێشەی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو، کە دەیەوێت لەو توێژینەوەیەدا چارەسەریبکات.

٢. ١. (سەردێڕی لاوەکیی یەکەم)

دانانی ئەم ژمارانە (٢. ١.) بۆ ئەوەیە فرەزاراوەیی نەمێنێت، وەک (تەوەر، پار...هتد). بۆنموونە:

(٢. ١. چەمکی کات و تاف)، پێویستناکات بنووسرێت (بەشی دوهەم، تەوەری یەکەم)، چونکە هەمان واتا دەگەیەنێت.

دەبێت لیستی سەرچاوەکان بە پێی ئەلفوبێ و بەپێی ڕێنمایی (APA)، چاپی شەشەم ڕێکبخرێن. بۆ نموونە:

یەک نووسەر (سیروان، ٢٠١٠)

دوو نووسەر (سیروان و سیڤان، ٢٠١١)

سێ نووسەر و زیاتر (سیروان و هاوکارانی، ١٩٨٩)

٢ . ٢. (سەردێڕیی لاوەکیی دوهەم)

وەرگرتنی کورت (کەمتر لە ٤٠ وشە):

"پێویستە ئەوەی، کە وەردەگیرێت و دەخرێتە ناو جووت کەوانەوە، کتومت وەکو دەقی نووسەرەکە بێت، بەبێ دەستکاریی دروستنووسی و سەرەوڕێزبوونی وشەکان." (شیروان، ٢٠٠٥، ل٨).

وەرگرتنی زۆر(زیاتر لە ٤٠ وشە):

پێویستە توێژەر خۆی بەدووربگرێت لە وەرگرتنی دەقاودەق لەم جۆرە وەرگرتنەدا، بەڵکو بۆ پاڵپشتیی زانیارییەکی خۆی، پشت بە زانیاریی توێژەرێکی تر دەبەستێت و بۆچوونەکەی خۆی پێدەسەلمێنێت، هەروەک (قادر، ٢٠١١) لەو ڕووەوە ئاماژەی بە بنەڕەتی تیۆرییەکە داوە:

هەرکام لە دانە پێکهێنەرەکانی دروستەی ڕستە، جێکەوتە و ڕۆڵی تایبەتیی خۆیان هەیە. بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانە، دۆخەکان بەواتای بەجێهێنانی ئەرکەکان دێن .دابەشبوونی ئەرکەکان لە دروستە سینتاکسیەکاندا لەخۆوە نییە، بەڵکو بەپێی پێڕەو وەرگرتنی نیشانە یان جێکەوتەی تایبەتیی دەبێت .دۆخ لە ڕێزمانی زمانەکاندا ئەم بوارە دەڕەخسێنێت .بنەڕەتی ئەم تیۆرییە بۆ کار و بەرهەمەکانی زانا چۆمسکی لە تیۆرییەکەیدا (تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە **Government and Binding Theory**) دەگەڕێتەوە. دەسەڵات و بەستنەوە، سەرەتا لەچەند زنجیرەیەکی وانە پێکهاتبوو، دواتر لە ساڵی (١٩٨١) دا لەژێر ناونیشانی (وانەکانی حوکمکردن و بەستنەوە **Lectureson Government and Binding**) لە چاپدرا. (قادر، ٢٠١١، ل١٣).

لە کاتی وەرگێڕانی سەرچاوەیەک، کە هیی خۆت نییە، دڵنیابە کە زانیاری، یان بۆچوونەکانی نووسەر بە وردی بخەرەڕوو. تەنانەت لە کاتی وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرێکدا، دەبێت ئاماژە بۆ ئەو بەرهەمە پێشکەشبکەیت. لەکاتی هێنانەوەی ڕاستەوخۆی بەرهەمی نووسەرێکدا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەرگێڕانەکە ئاماژە بە (ناوی نووسەر، ساڵی چاپ، ژمارەی لاپەڕە) بدە.

### ٣. ڕێبازەکان

وردەکاریی پێویست پێشکەشبکە، هەتا بتوانرێت جارێکی تر سوود لە کارەکەت وەربگیرێت.

### ٤. ئەنجامەکان (یان دەشێت لەگەڵ گفتوگۆکە تێکەڵبکرێن)

ئەنجامەکانی کارەکەت بخەڕوو، هێڵکاری و خشتە بەکاربهێنە، ئەگەر پێویست و گونجاو بوو، پێویستە ئەنجامەکان پوخت بن، دوور بن لە دانانی گریمانە و چوونەوە ناو وردەکاری.

### ٤. ١. (سەردێڕی لاوەکیی یەکەم)

پەیوەست بە خشتەوە، دەبێت قەبارەی ناونیشان (١٢) و قەبارەی ناوەڕۆک (١٠) بێت. دواتر بە درێژایی توێژینەوەکە ژمارە بۆ خشتەکان دابنێ و ناونیشانەکە لە سەرووی خشتەکانەوە دەنووسرێت (بۆ نموونە سەیری خشتەی ١ بکە).

**خشتەی (١) قاڵبی ناوکیی**

| | | |
|---|---|---|
| کەسی لکاوی ڕێکەوتن- م | جێناوی لکاوی بەرکار - یت | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ - ی |
| جێناوی بەرکاریی- ی | کەسی لکاوی ڕێکەوتن - ێت | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ - م |

### ٤. ٢. (سەردێڕی لاوەکیی دوهەم)

بۆ شێوەکان پێویستە قەبارەی ناونیشانەکە (١٢) و قەبارەی ناوەڕۆک (ئەگەر هەبێت) (١٠) بێت. دواتر ژمارەکان بەدرێژایی بابەتەکەت بنووسرێت و ناونیشانەکە لە ژێر وێنەکەدا دەنووسرێت (بۆ نموونە سەیری وێنەی (١) بکە).




**شێوەی ١. بەراوردی ئەنجامەکان**

### ٥. گفتوگۆ (دەشێت ئەم بەشە لەگەڵ ئەنجامەکان تێکەڵبکرێت)

تیشکدەخرێتەسەر گرنگترین ئەنجامەکان، بەڵام ئەوەی لە بەشی ئەنجامەکاندا نووسراوە دووبارە مەکەرەوە. مەبەست لە باسەکە بریتییە لە لێکدانەوە و پەسنکردنی گرنگیی دۆزینەوەکانت لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی پێشتر خراوەتەڕوو، سەبارەت بەو کێشەی توێژینەوەیەی، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و ڕوونکردنەوەی هەر تێگەیشتنێک یان تێڕوانینێکی نوێ، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانت لە کێشەکەدا بەرجەستە بوو. زۆرجار بەشی ئەنجام و گفتوگۆی تێکەڵاو گونجاوە.

### ٦. ئەنجام

دەرەنجام بۆ لێکۆڵینەوەکەت و وشەی کۆتایی لەسەر بەهای شیکاریی لێکۆڵینەوە بخەرەڕوو. پێویستە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بەپوختی بخرێنەڕوو. هەروەها پێویستە ئاماژە بە پێشنیارەکان بکرێت بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو، کە پەیوەندییان بە بابەتەکەتەوە هەیە.

سوپاسنامە (سەرپشکی)

سوپاس و پێزانین بەو دەزگا و کەس و لایانانە بدە، کە لە ماوەی پڕۆژەکەدا یارمەتیدەر بوون، بۆ نموونە بە پشتگیریکردنی دارایی.

سەرچاوەکان (کار بە وەشانی شەشەمی پێڕەوی APA دەکرێت)

پێویستە هەموو ئەو ناو/سەرچاوانەی، کە لەتوێژینەوەکەدا ئاماژەیانپێدراوە، لە بەشی سەرچاوەکاندا ڕیزبکرێن. ئەو سەرچاوانەی، کە لە توێژینەوەکەدا باسنەکراون، پێویستە لە بەشی سەرچاوەکان لاببرێن.

ئەمین، وریا عومەر: (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

کوردۆییڤ، ک.ک.: (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و:کوردستان موکریانی، چاپخانەی الادیب- بەغدا.

قادر، ئەبوبەکر عومەر: (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی.

Ahmad, J. (2015). Traditional and Sociocultural Barriers to EFL learning: A Case Study. *English Language Teaching*, 8 (12), 191-208.

Mustafa, M. R., & Aziz, A. S. (2021). Passive voice in Kurdish language, The Structure and phenomena (Comparative Research). *Halabja University Journal*, *6*(3), 18-30.

Clyne, M., & Sharifian, F. (2008). English as an International Language: Challenges and Opportunities. *Australian Review of Applied Linguistics, 31(3)*.

Likert, R. (1932). *A Technique for the Measurement of Attitudes.* New York: Archives of Psychology No. 140.

نووسەران

ناوی نووسەر پێویستە هەموو توێژەرێک زانیاریی کەسی لەنزیکەی (١٠٠) وشەدا پێشکەشبکات.

پاشکۆکان (سەرپشکی)

ئەگەر زیاتر لە پاشکۆیەک هەبوو، پێویستە وەک پاشکۆیA، پاشکۆی B و هتد دەستنیشانبکرێن. پێویستە شێوەکان و هاوکێشەکانی ناو پاشکۆکان ژمارەی جیاوازیان پێبدرێت: هاوکێشەی (A.1)، هاوکێشەی (A.2)، هتد؛ لەپاشکۆیەکی دواتردا، هاوکێشەی (B.1) و هتد. بە هەمان شێوە بۆ خشتە و ژمارەکان: خشتەیA.1 ؛ وێنەی A.1 و هتد.